


# شــەهرام عــەليدى:

# لە فيستيڤاڵە جيهانييەكان وێنە كاريگەرترە لە كەسايەتييەكان

فيلمى (سرتە لەگەڵ با) دوا فيلمى سينەماكارى لێهاتوو و بە توواناى رۆژهەڵاتى كوردستان شەهرامى عەليدى بەرهەمى حكومەتى هەرێمى كوردستانە، ئەم ساڵ بەشدار بوو لە (٦٢) هەمين خولى فيستيڤاڵى (كان)ى سينەمايى و چەند خەڵاتێكى بەدستهێنا، وەك شەهرام خۆى دەڵێت بە ئاواتە ئەو فيلمەى لە سينەماكانى كوردستان و گشت ئەو گوندانە لێى بەرهەم هاتووە پێشكەش بكات بۆ ئەوەى بینەرى كورديش لێی بێبەش نەبێت، لە گفتوگۆيەكى هێمنانەدا شەهرام عەليدى بەو شێوەيە وەڵامى پرسيارەكانى گۆڤارى گوڵانى دايەوە.

* لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی ئەم فیلمە تۆ خۆت پێشبینی ئەوەت دەکرد بگاتە ئەو ئاستە؟

- هەر کارێکی هونەری وەك منداڵێکە، کاتێك کە دەخوڵقێ ڕەنگە هەست بەوە بکەی کە ئەمەیان جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا، من خۆم هەستم بە ئۆرجینالیەتی ئەم فیلمە دەکرد و دەمزانی کە خۆشیان دەوێ و بینەری ڕاستەقینەی خۆی دەبێت، هەرچەندە بیرم لەوەش دەکردەوە کەوا زۆر هونەرییە و چاوێکی تایبەتی دەوێت، ڕەنگە کەسانێك هەبن حەز لەو جۆرە فیلمانە بکەن کە چاویان لێی ڕاهاتبێت بە ئاسانی تەقەبولی نەکەن، سەرەتا لە فیستیڤاڵی (کان) بەو شێوەیە بوو لە بەشی ڕەخنەگران وەرگیرا کە لەو بەشە تەنیا بیر لە لایەنی هونەری دەکەنەوە، بەڵام خەڵك دەنگی بۆ فیلمەکەدا ئەمەش وای کردن کە هەست بەوە بکەم فیلمەکە بۆ خەڵکی ئاسایی جیهانیش گونجاو و مەقبولە.

* سینەماکارانی دیکەی کورد بەشێواز و سیناریۆی جودا و لە شوێنی لە فیلمەکانیان باسیان لەو جۆرە چیرۆکە کردووە کە تۆ باست کردووە لە ( سرتە لەگەڵ با) دا، دووبارە نیشاندانی کارەساتەکانی کورد بۆ تۆ ترسێکی دروست نەکرد لەوەی زۆر گرنگی پێ نەدرێت؟

- بابەت زۆر گرنگ نییە، بەر لە ئێمەش زۆر کراوە، گرنگ ئەوەیە تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم بابەتە، بۆ نموونە بە هەزاران فیلم لەسەر جەنگی جیهانی دووەم و هتلەر کراوە کە هەموویان یەك بابەتن، ڕەنگە هەندێکیان بە شێوەیەکی وا بن کە تۆ بەهیچ شێوەیەك بیرت بۆی نەچووە، بەڵام لەو هەموو کارانە یەکیان هەڵدەبژێرێت لە جیاتی ئەوەی باسی کوشتن و سووتاندنی جولەکەکان بکات دەچێت ئەم مەینەتیانە دەباتە ناو پیانۆیەك و لە ڕێگای کەسێکەوە کە پیانۆ دەژەنێت چیرۆکێکی زۆر گەورە نیشان دەدات، بە هەمان شێوە بۆ کارەسات و مەینەتییەکانی کوردیش زۆر کاری هونەری کراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کارێك لەنێو ئەمانەدا هەبێت جیاواز بێت و پێشتر بەو شێوەیە باسی لێوە نەکرابێت.

* کاك جەبار جەمال دەڵێ: ئێمە دەمانەوێ لە ڕێگای ئەم فیلمەوە چیرۆکی میللەتی کورد بگێڕینەوە، تۆ وەك دەرهێنەری فیلمەکە پێت وایە توانیوتانە بە سەرکەوتوویی چیرۆکی بگێڕنەوە و بە جیهانی نیشان بدەن؟

- ئەوەی ڕاستی بێت من ترسم هەبووە کاتێك هاتم بابەتێکی وا تراژیدی باس بکەم ترسم لەوە هەبوو خەڵکی دونیا ئاگاداری ئەو ڕاستییە نەبن، بۆیە تەواوی هەوڵی خۆمدا بۆ ناسکتر و شاعیرانەتر کردنی و مردن لەبەردەم کامیرا و کارەسات و تەقەی تێدا نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئێستا پاشگەز بوومەتەوە لەو ترسەی خۆم،ئێستا دەزانم خەڵکی دونیا چۆن بەراوردی ئەم فیلمەیان کردووە، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم فیلمە ئەوە بوو کە گەنج و پیر و ئافرەتان ئەم فیلمەیان خۆشویست و لە ڕێگای چیرۆکێکی ئاوا مۆدێرنەوە کە پێناسەکانی چیرۆکی کلاسیکی تێدا نییە کە سەرەتا و ناوەند و کۆتایی هەبێت، چۆن توانیمان بخزێینە ناو چیرۆکەکەوە، دانانی گری زۆر ئاسانە بەڵام مینی ماڵ کردنی چیرۆك زۆر زۆر سەختە، لە جیهانی ئێستادا ئەگەر پێناسەی ڕووداو ئەوە بێت کە پێویست شتێك بتەقێتەوە ئەوا ڕەنگەی پێی بڵێن ئەوا دواکەوتووە و هێشتا لە دونیای درامای کلاسیکدا دەژیت، لەناو دڵی دراما زۆر شتی ورد هەن کە ئێمە بەچاویش نایبینین کەچی ڕووداویشن، بۆ نموونە بوونی پێڵاوی پیاوێك لەبەر دەرگای ماڵێك کە کەسی تێدا نەبێت و میوانیان بۆ نەهاتبێت ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕووداوێکە.






* لیژنەی ناوبژیوانان و ڕەخنەگرانی (کان) بە ڕاشکاوانە کەموکورییەکانی هەموو کارێك بە ئاشکرا دەڵێن، ئەوان چ ڕەخنەیەکیان لە فیلمی (سرتە لەگەڵ با) هەبوو و بە تۆیان ڕاگەیاند؟

- ڕەنگە ٪٩٠یان لەگەڵ فیلمەکە بوون بە هاوڕێی، بەڵام بەشێکیان لە هەندێك حاڵەتدا تێبینیان هەبوو، چونکە من نەمدەویست لە بینەری کوردی دوور بکەومەوە هەندێك شتی تایبەتی هەیە لە مێژووی خۆمان دەبێ ئاماژەیان پێ بکرێت، بۆ نموونە پیرەژنێك بەشێوەی زارەکی مێژووی کورد بۆ



لەکاتی چوونی بۆ وەرگرتنی خەڵات

نەوەکان دەڵێتەوە بۆ ئەوەی لەبیری نەکەن و باسی شۆڕشەکان شێخ عەبدولسەلام و شێخ مەحمود وقازی محەمەد و بارزانی نەمر دەکات، هەندێك لە ڕەخنەگران ڕەنگە بڵێن ئەو ناوانەی تۆ باسیان دەکەی بۆ منێکی ئەورووپی هیچ ناکات و من نازانم ئەمانە کێن؟ ئەوان دەیانەوێ تۆ دوورکەویتەوە لەو ناو وشتانەی نازانن چییە و پێی ئاشنا نین، بۆ نموونە گریانە منداڵێکیان زۆر پێ گرنگترە لە هێنانی ناوی چەند کەسێك کە بۆ من و میللەتەکەم ڕەمزن و دەبێ ئاماژەیان پێ بکەم، من پێویست بوو لێرە باڵانسێك ڕاگرم لە نێوان میللەتی خۆم و ڕەخنەگران ئەمەش زۆر زەحمەتە و ترسێکی زۆرم لێی هەبوو بەرادەیەك خەوم لێ نەدەکەوت بۆ ڕاگرتنی ئەو باڵانسەش هەوڵمدا سوود لە جلوبەرگ و ئەو بەردانە وەربگرم بۆ ئەوەی گوزارشت لە کارەساتەکانی میللەتی خۆم بکەم، بۆیە من لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی کار کردن لەم فیلمەدا چل جار سیناریۆکەم نووسیوەتەوە تا گەیشتمە ئەو سیناریۆیەی دوایی.

*** ئایا پێت وایە بوونی هێڵی درامی بۆ سینەماکار تا چەند گرنگە؟**

- پێناسەی (ڕوایە) گێڕانەوە بۆ سینەما زۆر زۆر جیاوازە، هەر کەسێك ئەگەر زانیاری لەسەر گێڕانەوە لە هونەری سینەما نەبێت تووشی هەڵە دەبێ وەك ئەوەی گرافیستێك بە تێڕوانینی خۆی پێناسەی وێنەکێشی کە دوو هونەری زۆر لێك جیاوازن و هەر یەکیان پێناسە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

*** ڕۆڵی کۆلاژ چی بوو لە فیلمەکەدا؟**


- خۆی کۆلاژ لە دونیای خولقاندنی پلاستیك و وێنەکێشانەوە هاتووە، من خۆم هەوڵمدا پەنا بەرمە بەر کۆلاژ لەناو ناخی ڕووداوەکاندا واتە تۆ بتوانی لەبارەی ئاسۆییەوە چەند وێنەیەك ریز بکەم کە هەموویان پێکەو بەستراو بن و وەڵامی یەکتر بدەنەوە ئەو بەستنەوەیە بە جۆرێك بێت کە وێنەکان کار بکەنە سەر یەکتری و لە وێنەی یەکەم و دووەم وێنەی سێیەم دروست ببێت کە پەیوەندییەك نەپچڕاو وتەواوکەر لەنێوانیاندا هەبێت و لە دوو شتی تەنیشت یەکتر خەیاڵێکی تر دروست ببێت بۆنموونە پۆستەیەك و ڕێگایەك و شتێکی تر لە پشتە یەکەوە پێناسەی یەکتر دەکەن ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی ئەوەی کە شتەکەی تۆ بگۆڕێت لە هەمان کاتد بیر بینەرەکەی تۆش دەگۆڕێت و دەبێ بە شتێکی تر، لەم مەبەستە ئێمە ڕۆیشتین بەرەو کۆلاژێك کە سەفەر بۆ خۆی دەیهێنێت بۆ نموونە کە تۆ بە ئۆتۆمبێل لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕۆی هەر شتێك لە ڕێگای ببینی چیرۆکێکە، بەڵام ئەمانە بۆخۆیان هەموویان کۆلاژێکن ئەمە شتێکە ڕێگا بۆ منی داناوە منیش بۆ ئەوەی نوێکاری بکەم لە گواستنەوەی وێنەکان ڕێگام داناو خۆم تەنیا لە ژوورێکی داخراو نەبینمەوە.

*** ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە لە فیلمەکاندا کورد تەنیا وەك زوڵم لێکراو نیشان بدەین لە بەرامبەردا باس لە گیانی بەرگری بکەن کە لە ناخی کورددا هەبووە؟**

- ئەم پرسیارە دەمانخاتە بەر بەرپرسیارییەوە، دەبێ بزانین ئەو خاڵانە چین کە فیلمەکان نەیانتوانیوە کە کورد بەرگری لە خۆی کردووە، لە فیلمەکەی ئێمەدا گەورەترین بەرگری ئەوەی کە پیرەژنەکە باس لە مێژووی کورد دەکات،







هەرکاتێك کورد هێرشی کرابێتە سەر لەپێناو مانەوەدا شوێنەکەی خۆی جێهێشتووە و لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێ بووە، هەر کاتێك زەوییەکەی سووتێنراوە چووە لە شوێنێکی تر زەوی رواندۆتەوە، ئەمە بۆخۆی گەورەترین بەرگرییە، ئێستا ئەگەر تۆ گوللەیەکە بەرەو رووی داگیرکەری وڵاتەکەت بتەقێنی وەك پارتیزانە بە تیرۆریســـت لە قەڵەم دەدرێی ئەگەر بەرگریشـــت کردبێت لە مافەکانی خۆی، شـــتێکی تری گرنگ لەم فیلمەدا پێشـــمەرگەکانی خەریکـــی کۆکردنەوەی منداڵـــی گوندەکان بوون و لە دۆڵێك کۆیان دەکردنەوە بۆ ئەوەی بیانپارێزن ئەمە خۆی لە خۆیدا شـــتێکی سومبولی بوو، من وەك دەرهێنەرێکی کورد دەبێ ئەو بینەرەی دونیا تێبگەیەنم کە بەرگری من ئەمەیە ئەوەش بە زمانی هونەر بێ ئەوەی رووداوی راستەقینە پێشکەش بکەین، هونەر ئەوەیە تۆ شوێنێکی دونیا هەڵبژێری کە کەس نەیبینی بێت یان بەو چاوە نەیبینی بێت، لێرە بەرگری لە لای من تەقە نییە، **بەرگری ئەوەیە پیرەژنێك کە ناتوانێت بڕوات، بەڵکو لە کۆڕەوەکە بەڕێوە دەڕوات و دوو منداڵیشـــی بە کۆڵی خۆی هەڵگرتووە.**

*** تا چەند پەنات بردۆتە بەر هێما؟**

- بـــۆ دونیا دەرەوە تۆ دەبێ نیشـــانەت هەبێ بۆ نموونە لە زمانی ئەدەب کورســـی تەنیـــا یەك وێنەی هەیـــە، بەڵام لە وێنەدا چەندین مانـــا و کاری جۆراوجۆری هەیە رەنگە تەنیا بۆ دانیشـــتن لەسەری بەکار نەهێنرێـــت بەڵکو رەنگە خەڵکی لەسەر لەســـێدارە بدرێت، لـــەو فیلمـــەدا بوونی بیابانێك کە ئەو بەردانەی لێ سڕ کراوەتەوە لە نزیك ئافرەتەکانی پاشماوەی ئەنفال ئەوە بینینـــی منە بۆ ئـــەو ئافرەتانەی کە هەر چاوەڕێن و دەســـتیان ئەو بەردانە وەك ئەو ژنانەن، ئان ئەو رادیۆیانـــە دەربڕینێکە لە کورد کە ئەو کات راگەیاندنی وەك ئێســـتا نەبووە، ئەگەر راگەیاندنمان هەبووایە رەنگە ئەو کارەســـاتانەمان بەســـەر نەهاتایە، ئەو کات تەنیا رادیۆمان هەبوو، لەســـێدارەدانی رادیۆکان مانای لە ســـێدارە دانی زانیاری و ئـــاگاداری بوونی کوردە لە رووداوەکانی دونیا.

*** هەڵبژاردنی ئەکتەرەکان بۆ تۆ زەحمەت نەبوو؟**

- لێرەدا دەمەوێ شتێك بڵێم ئێمە خاوەن ئەکتـــەری زۆر بە توانانمـــان هەیە، بەڵام لەبەر شـــتێك کە لە دەرەوەی دەســـەڵاتی من بوو نەمتوانی وەك پێویســـت سوود لە ئەکتەرانی ئێرە وەربگـــرم، بەڵام بۆ کاری داهاتوو ئەگەر لە شـــوێنێکی تریش بیکەم دێـــم و دەیانبەم، بۆ ئەکتەری ســـەرەکی کارێکـــی زۆر زەحمـــەت بـــوو، چونکە دەبووایـــە رۆژانە بۆ ماوەی دوو مانگ بە بەردەوام لەگەڵمان کار بکەن، هەروەها ئەو فیلمـــە لە جۆرێکی تا رادەیەك تایبەت کە ریتمەکـــەی لەژێرەوەیە و نابینرێت ئەمەش لەبەر ئەوەی دونیا هونـــەری ئەمڕۆ حەز ناکات شـــتەکان بەرەو روو بێت و هەموو بە بینەر بڵێیت بەڵکو وا لە بینەر دەکات خۆی بەدوای شتەکاندا بگەڕێت و بیاندۆزیتەوە، ئێمـــە گەورە ئەکتـــەری ئێرانیمان هێنا کە خاتوو مەریەمـــی موبانە بێ ئەوەی هیچ دیالۆگێکی هەبێت تەنیا بە دەموچاو بۆیە ئەو فیلمەیە لە ژێرەوەیە.


*** کاری داهاتـــووت چی دەبێت دوای (سرتە لەگەڵ با)؟**

- ئـــەو هەلومەرجـــەی کـــە ئێمە ئەو فیلمەمان تێـــدا بەرهەمهێنا زۆر ماندوو و هیلاکی کردین و بەڕێز وەزیری رۆشنبیریش بـــە تەواوی پشـــتگیری کردین لە هەموو روویەکەوە، ئەگەر ئەو بیروکراتییەی ئێستا هەیە نەمینێت ئەوا سیناریۆیەکی کوردی باشم داناوە، هیوادارم بتوانم کارێکی هونەری زۆر بەرز پێشکەش بکەین، دەمەوێ ئەو بڵێم کە کارێکی گـــەورە بەڕێوەیە،دوای ئەوەی لەسەرووبەندی چالاکییەکانی فیستیڤاڵی (کان) هەندێـــك لە گەورە ســـینەماکاران و ئەوانەی لە بواری ســـینەما کار دەکەن یەکترمان ناسی و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو فیلمە دەربـــڕی، بڕیاریان داوە هاوکاریمان بکەن بە گوێرەی توانایـــان ئێمەش هەوڵ دەدەین سوود لە شارەزایی ئەوان وەربگرین، بیرۆکەی فیلمەکە ئەوەیە کە چۆن بتوانین ئـــەو کیانەی کوردییەی ئێســـتا لە رووی نێونەتەوەییەوە بیپارێزین و رووی گەشـــی کورد و کوردســـتان نیشـــانی جیهان بدەین بەتایبەتی کـــە کورد باوەشـــی کردۆتەوە بـــۆ هەموو نەتەوەکانی دیکەی ســـەر ئەم زەمینە، ئێمە دەمانـــەوێ ئەوە لە رێگای فیلمێك نیشان بدەین.





لەسەر فەرشە سوورەکەی کان





## عەتا ئەحمەد:

# کەمال محەمەد بۆ پارە هونەر ناکات

**هونەرمەند عەتا ئەحمەد ساڵانێکە لە خزمەت هونەری گۆرانی کوردیدا ئەسپی خۆیی تاو دەدات و هاوەن ستایلێکی تایبەت و توانایەکی باش هەیە لە هونەری ئاواز داناندا، عەتا کە سەرەتاکانی ئاوێتە چوونی بۆ ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ دەگەڕێتەوە لە تەمەنی هونەرییدا توانیوویەتی خزمەت گەلێکی زۆر بە بواری هونەری بگەیەنێت، دوایین پرۆژەی هونەری بەرێزیان بریتی بوو لە ئامادە کردن و ئاواز دانان بۆ تەواوی بەرهەمەکانی هونەرمەند کەمال محەمەد کەلە ژێر ناوی(هاوڕێ)یە و بریتی یە لە (١٠) گۆرانی و بڕیارە چەند رۆژێکی تر ئەم بەرهەمە بەر گوێی بیسەرانی بکەوێت، بۆیە ئێمەش بە چاکمان زانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

دیمانە: سۆران مارف
Soran_marf1980@yahoo.com

*** لە چ روانگەیەکەوە کارت لەسەر تەواوی بەرهەمی نوێی هونەرمەند کەمال محەمەد کرد؟**

- دیارە ئەو ستایلەی کەمال محەمەد کاری لەسەر دەکات هەمان ئەو ستایلەی منە کە کاری لەسەر دەکەم ئەو ئاوازانەی کاری لەسەر دەکەم لەگەڵ دەنگی هونەرمەند کەمال محەمەد یەکدەگرێتەوە.

*** ئێوە لە ساڵانی هەشتاکان ستایلێکی نوێتان هێناوەتە ناو هونەر و گۆرانی کوردییە لەم بەرهەمەدا چەند کارت لەسەر ئەم ستایلەکردووە ؟**

- گۆرانی کوا ئێوارە و گۆرانی یاری وەفادار دووبەرهەمی نوێ ئەم سیدییەن هونەرمەند کەمال محەمەدە کە ئەم گۆرانییە لەلایەن ئێوەوە جارێکی تر لە هەشتاکان گوتراوەتەوە پرسیارەکەم ئەوەیە مەبەست لە نوێ کردنەوەی ئەم دوو بەرهەمە جارێکی تر بۆ چییە؟

من و هونەرمەند کەمال محەمەد بڕیارمانداوە ئەگەر کاری سیدییەك بکەین دو گۆرانی لە گۆرانییە کۆنەکانمان جارێکی تر تۆمار بکەینەوە بەشێوەیەك باشتر و جوانتر.

*** تەواوی بەرهەمەکانی هونەرمەند کەمال محەمەد تۆ ئامادەت کردووە و تەواوی ئاوازەکان و زۆربەی شیعرەکانی ئەم بەرهەمە لەلایەن تۆوە دانراوە بۆ چی هەوڵت نەدا لەم کارانە بە ستایلی نوێ کار بکەین گەڕایتەوە بۆ ستایلی ساڵانی هەشتاکان؟**

- ئەمە ستایلی ئێمەیە هەمیشە حەز بەکارکردن دەکەین لەسەر ئەم ستایلەش رۆژانە کە خەڵکی دەمانبینێ داوای کارکردنمان لێدەکەن لەسەر ئەم جۆرە ستایلە ئەوەی ئەمرۆش حەز بە ئەم ستایلەی ئێمە دەکەن پێم وایە ستایلێکە دەتوانێ خزمەتی هونەری کوردی بکات.

*** بۆچی ستایلێکی نوێ کاری لەسەر ئەم جۆرە ستایلە نەکردووە کە ئێوە کاری لەسەر دەکەن لە ساڵانی هەشتاکانەوە و ئێستاش ستایلی تۆ و هونەرمەند کەمال محەمەد پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت**

**لەلایەن جەماوەرەوە؟**

- ئەم ستایلەی ئێمە شێوازێکی رۆژئاوایی وەرگرتووە، بەڵام لە کلتووری کوردەواری خۆمان دەرنەچووین و هەمیشە کلتووری خۆمان پاراستووە، روحیەتێکی کوردی لە گۆرانییەکاندا بەدی دەکرێت و روحی تورکی و فارسی و بێگانە لە کارەکاندا بەدی ناکرێت، ئێمە بەشێوازێکی رۆژئاوایی خزمەتی هونەری کورد خۆمان دەکەین، بە پێچەوانەی هەموو ئەو کەسانەی هونەری کوردی لە خزمەتی هونەری بێگانە دا بەکاردەهێنن.

*** بۆ ئەم بەرهەمە نوێیانە زیاتر کارت لەسەر چ جۆرە تێکستێك کردووە؟**

- ئەو تێکستانەی من کاری لەسەر دەکەم دەبێت کاریگەری خۆی هەبێت لەسەر بیسەر و ئاسەوارێکی پڕ لە یادگاری بەجێ بهێڵێت من بە هەمان شێوەش بۆ ئەم بەرهەمانەی کەمال محەمەد ئەم هەنگاوەم ناوە.

*** دەکرێت بزانین ئەم سیدییە نوێیە چەند بەرهەمە و کێ کاری تیایدا کردووە؟**

- لە راستیدا ئەم بەرهەمە بەناوی (هاورێ)یە بریتی یە لە(١٠) گۆرانی بەناوەکانی (یاران، لە غوربەت، بەدڵ ئەو لاوەی جارانم، شەقام، یاد، هاورێی، یاری وەفادار، سیبەر، رۆژی شووم، ) لە شیعری (عەتا ئەحمەد و ئیسماعیل سالح و ئەحمەد محەمەد و محەمەد عوسمان و ئەخۆل)ە.

تەواوی ئاوازەکانی من ئامادەم کردووە و کاری دابەشکردنی موزیکی لەلایەن هونەرمەند(کارزان کامیل) و مۆسیقیەکانی بریتین لە(کارزان کامیل، ئالان کامیل، نوێنەر ئەحمەد)، هەروەها بڵاوکردنەوەی لەلایەن سەنتەری رۆشنبیری شار لە سلێمانی ئەنجام دەدرێت، و من دەمەوێت لەرێگای گۆڤاری گوڵانی خۆشەویستەوە رای بگەیەنم و موژدە بە عاشقانی دەنگی کەمال محەمەد بدەم مانگی داهاتوو ئەم بەرهەمە بڵاو دەکرێتەوە بە هیوایین زیاتر لە جاران کاری جوانترمان پێشکەش، بە ئەرشیفی هونەری کوردی کردبێت.

*** تا چەند لە ئەداکردنی گۆرانییەکان رازیت لەلایەن هونەرمەند(کەمال محەمەد)ەوە؟**

-من ئەو راستییە دەڵێم کە ئەدای کەمال محەمەد ئەدایەکی زۆر جیاواز و بیسەر چێژی لێوەردەگرێ ومن پێم وایە لەم بەرهەمەدا ئەدایەکی زۆر سەرکەوتووانەی کردووە.

*** تۆ خۆت خاوەنی دەنگێکی خۆشی بۆچی هەوڵت نەداوە خۆت گۆرانییەکان بڵێیت؟**

- من و کەمال محەمەد لە ساڵانی هەشتا دوو هەشتا و سێ کە لە تیپی ئەزمەر بووین هەر یەکەوە زۆر کارمان کردووە هەندێك بەرهەمیشمان بەیەکەوە گوتووە تەنانەت لەم سیدییە نوێیەشدا یەك بەرهەممان بەیەکەوە گوتووە، بۆیە سەرکەوتنی کەمال محەحەمەدیش بەسەرکەوتنی خۆم دەزانم حەزدەکەم زیاتر هاوکاری و پشتیوانی بکەمن هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە جگە لە کەمال محەمەد ئەم بەرهەمانە بدەم بە هونەرمەندێکی تر.

*** تۆ وەکو هاورێی و هاوکاری کەمال محەمەد سەرکەوتنی ئەو هونەرمەندە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- سەرکەوتنی کەمال محەمەد لەوەدا دەبینمەوە کەوا کەمال گۆرانی بۆ پارە ناڵێ، هونەر بۆ هونەر دەکات نەوەك بۆ پارە و پول و خاوەنی کە سایەتییەکی جوان و بەرێزە لای جەماوەری خۆیی کەسێکە رێز لە هاوادارانی دەنگی خۆی دەگرێت هەرگیز نەمبیستووە دڵی هیچ کەسێك بریندار بکات و خاوەنی وەجهێکی بەر ئیئوا جوانەوە.

*** بە دوای ئەم بەرهەمەی هونەرمەند کەمال محەمەد تۆ چ پرۆژەیەکی تری هونەریت هەیە؟**

- قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە من و هونەرمەندان کەمال محەمەد و میدیا حوسێن بە هەرسێکمان سیدییەکی تر بڵاوبکەینەوە ئەگەر گەیشتینە ئەنجام وەکارمان بۆ کردووە وە پێم وادەبێت ئەگەر ئەم کارە ئەنجام بدەین کارێکی زۆر سەرکەتوو دەبێت.

*** تا چەند هەست دەکەین دوای بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمەی کەمال محەمەد وەکو بەرهەمەکانی تری بە زیندوویی دەمێنێتەوە؟**

- من دەزانم بە زیندوویی دەمێنێتەوە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە توانیوویەتی رەسەنایەتی خۆیو نەتەوەکەی لە بیر نەکات و تێکەڵاوی ئیحساسی خەڵکێك و کار لەسەر هەست و ئیحساسی بیسەر بکات و ئەدایەکی باشی گۆرانییەکان کردووە، ئەمەن کاریگەری لەسەر دەنگی کەمال محەمەد بەجێ نەهێشتووە لە ستایلی ساڵانی هەشتاکانیش دوور نەکەوتووینەتەوە.

*** هەندێك کار هەیە لە شێواز و ستایلی گۆرانی نوێ زوو لای خەڵکی دەمرێت هۆکارەکەی چییە؟**

- هەندێك لەم هونەرمەندە نوێیانە دەچن گۆرانییەکی تورکی دەهێنن تەجرووبەی دەکەن ئاوێتەی ئیحساسی جەماوەری کوردی نییە بە دڵنیاییەوە ئەمە زوو دەمرێت دەبێت تۆ کارێك بکەیت ئاوێتەی ئیحساسی خەڵك و جەماوەر بێت، ئەوانە هیچ کارێکی تازەیان نەکردووە لە هونەری کوردیدا خەڵکیش بێگومان پێویستی بە شتی نوێیە و شتی نوێ لای دەمێنێتەوە.



# لامیتا فەرنجیە: لەگەڵ دەرهێنەرێک

***لامیتا فەرنجیە ڕاگەیاندنکار و ئەکتەرێکی لوبنانییە لە ســاڵی ٢٠٠٤ پلەی دووەمی لە پێشبرکێی شاجوانی لوبنان بەدەستهێنا دوای دوو ساڵ لە کاری نمایشکاری جلوبەگ وازی لەو کارە هێنا و ڕووی لە بواری ڕاگەیاندن کرد بە شێوازە جیاجیاکانی، ئینجا بەم دواییە وەك ئەکتەرێکی تەلەفزیۆنی بەشـــداری لە چەند زنجیرە درامایەکدا کرد، لە پەیوەندییەکدا کە لامیتا بەو شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.***

• • • • • • • • • • • • • • • • • •



*** زۆر لە لوبنانییەکان لە کاری نمایشکاری جلوبەرگەوە ڕوو لە هونەر دەکەن بۆچی تۆ لە نمایشەوە ڕووت لە ڕاگەیاندن کرد؟**

- من یەکێکم لەوانەی زۆر حەز لە کاری ڕاگەیاندن دەکەم بە هەموو شـــێوەیەکانییەوە، ڕەنگـــە هەندێك کەس پێیـــان وابێت کارێکی زەحمەتە و گرفتـــی زۆرە، بەڵام من پێموایە زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ هەرکارێکی دیکە، چونکە هەموو کارێك خۆشـــی و ناخۆشیی تێدایە و پێویســـتە مرۆڤ هەوڵی زۆر بدات بۆ ئەوە تێیدا سەرکەوتوو بێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

*** لـــە بواری هونـــەری خۆت لەچ ئاستێکدا دەبینییەوە؟**

- لەسەرەتای ڕێگام، بەڵام هەست دەکەم شتی باش دەکەم.

*** تـــا چەنـــد حەزت لـــە کاری نوێیە؟**

- من هەمیشە حەز دەکەم ئەمڕۆ کارێك بکەم کە بە تەواوی لەگەڵ دوێنێ جیاوازی هەبێت

*** لەو بوارانەی تێیـــدا کار دەکەی لە کامیان زیاتر خۆت بەسەرکەوتوو دەزانی؟**

- هەر بوارێك تایبەتمەندی و خۆشـــی و ناخۆشـــی خۆی هەیە، تەلەفزیۆن ماندووت دەکات سینەماش بۆ من ئێستا تا ڕادەیەك کارێك نامۆیە، من تا ئێستا لە چەندین شوێن و بە چەندین شێوە کارم کردووە و هەســـت دەکـــەم لـــە هەموویاندا شتێکم پێشکەش کردووە ئەگەرچی کەموکوڕیشی هەبووبێت.

*** بۆچـــی زۆربەی هـــەرە زۆر نمایشکارانی جلوبەرگی لوبنانی ڕوول کاری نواندن دەکەن؟**

- من پێموایە تەنیـــا ئەوانە ڕوو لە کاری نواندن دەکەن کە ئەو توانایەیان هەیە و دڵنیان لەوەی ســـەرکەوتوو دەبن لەو بـــوارەدا، دەبێ ئەوەش بزانین کە کاری مۆدێل و نمایشکاری خۆی لـــە خۆیدا جـــۆرە هونەرێکە، چونکە نمایشـــکار لەبەردەم خەڵك ڕادەوەســـتێت وەك ئەوەی بڵێی لەسەر تەختەی شانۆیە.

*** چەنـــد گرنگـــی بە قســـەی خەڵك دەدەیت؟**

- هیچ کاتێك بیرم لـــێ نەکردۆتەوە و بە نیاز نیم وەلامی کەس بدەمەوە.

*** حەز دەکەی لەگەڵ کام دەرهێنەر زیاتر کار بکەیت؟**

- ئـــەو دەرهێنەرەی بزانـــم ئەکتەری زۆر خۆشدەوێت و هاوکاری دەکات.

*** بە چ ڕەخنەیەك دڵخۆش بووی و بە چ ڕەخنەیەکیش دڵگران بووی؟**

- باوەڕ ناکەم تا ئێستا ڕەخنەیەك هەبووبێت زۆر تـــوڕەی کردبم یان ببێتـــە هۆی ئەوەی قسەیەکی نابەجێ بەرامبەر بە کەسێك بکەم، بێگومـــان زۆر ڕەخنەش هەیـــە بووەتە هۆی ئەوەی دڵخۆش بم بەتایبەتی ئەگەر هەســـتم کردبێت ڕەخنەیەکـــی بەجێیە و دوای ئەوەی بەدواداچوونـــی کارەکانی خۆم کردۆتەوە بۆم دەرکەوتووە کە بە ڕاســـتی کەموکوڕیم هەبووە لەو شوێنانەی باسیان کردووە.

*** کەموکوڕییەکانت چین؟**

- پێموایە هیـــچ کارێك بە کاملی نابێت، **ئەگەر باســـی کەموکوڕییەکانی خۆم بکەم ئەوا لە شومار نایەن.**

*** جوانی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- زۆر بـــاس لە مەســـەلەیە دەکرێ زۆر کەس پێیان وایە مـــن و چەندین هونەرمەند و ڕاگەیاندنـــکاری دیکـــە تەنیا پشـــتە بە جوانی خۆیان دەبەســـتن بۆ ئـــەوەی خۆیان بخەنە دڵـــی خەڵکەوە، بەڵام پێموایە ئەمە تا ڕادەیەك ناحەقییە، من زیاتر گرنگی دەدەم بە ناوەڕۆکی شتەکان لە ڕووی دەقەوە نەك دیمەن و گرتەکان زۆر ئاساییە لە لام کە ڕۆڵێك ببینم کە گوزارشت لە کچێکی هەژار یان بەدەوی بکات بێ ئەوەی هیچ مکیاژێك بکات.

*** ئایا جوانییەکەت هیچ یارمەتی داوی؟**

# كاردەكەم كە خۆشی بوویم

- بێگومان نەك من بە تەنیا بەڵكو هەموو ئافرەتەكان ئەوانەی لە بواری هونەری كار دەكەن تا رادەیەك جوانی یارمەتی داون بۆ ئەوەی بتوانن برۆنە پێشەوە و بناسرێن، بەڵام ئەگەر من خۆم ماندوو نەكردبا چەندیش جوان بام ئەوا نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا و بەردەوام بم بۆیە دەڵێم جوانی هەموو شتێك نییە، بەڵام دەبێ ئافرەت گرنگییەكی زۆریش بە جوانی خۆی بدات، زۆر ئاساییشە بۆ یەكێكی وەك من كە لە پێشبركێی شاجوانی پلەی دووەم بەدەستهێنابێت سوود لە جوانییەكەی وەربگرێت لەو بوارەی كاری تێدا دەكات

*** خۆت بەچی دەزانی شاجوان یان نمایشكاری جلوبەرگ یان راگەیاندنكار؟**

- من تەنیا خۆم بە لامیتا دادەنێم ئەوەی تر كارەكان دیاری دەكەن نەك من.

*** پێش ماوەیەك چەند پروپاگەندەیەك دەربارەی تۆ كران وەڵامت چییە بۆ ئەمانە؟**

- نامەوێ بە هیچ شێوەیەك باس لە رابردوویەك بكەم كە بۆ ناخۆشی بوو، دواتر راستییەكان بۆ هەموو لایەك دەركەوتن وەك خۆیان.

*** هێز یان سۆز كامیان بۆ مرۆڤ پێویستترە لە ژیان؟**

- زۆر گرنگە مرۆڤی بە هێز و توانا و خاوەن سۆز و بەزەیی بێت، هەرچەندە ئەمەش تا رادەیەكی زۆر دەگمەنە.

*** تۆ تا چەند مرۆڤێكی ماددی؟**

- تا ئەو رادەیەی پێویستم پێی هەیە.

*** كێ زۆر هاوكاریت دەكات؟**

- بەر لە هەموو كەسێك من هاوكاری خۆم دەكەم، چونكە ئەگەر من توانای ئەوەم نەبێت بوونی خۆم بسەلمێنم یان ئەو بەهرە و توانا شاراوەی كە هەمە جا لە هەر بوارێك بێت ئەگەر دەری نەخەم كەسانی دیكە چۆن دەتوانن یارمەتیم بدەن، بەڵا بە دڵنیاییەوە دەڵێم مرۆڤ بە تەنیا ناتوانێت هیچ شتێك بكات.

*** تا چەند بە شانس هەیە لە ژیان؟**

- من مرۆڤێكم هەوڵ دەدەم لە ژیاندا بە ماندووبوون بگەم بە ئاواتەكانم،چونكە ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدات ئەوا سەركەوتن لە ژیاندا كارێكی زۆر زەحمەت نابێت بێگومان رەنگە لە هەندێك بارودۆخدا شانسیش رۆڵی خۆی هەبێت.

*** چ پیاوێك سەرنجت رادەكێشێت؟**

-ئەو پیاوەی كە خاوەن كەسایەتییەكی بەهێز و بڕیاری خۆی بێت.

*** چ شتێك بێزار و تووڕەت دەكات؟**

- بارودۆخی سیاسی و ئەمنی لە ناوچەكە بە گشتی، ئیش وكاریش هەندێك جار ماندووم دەكات.

*** ترست لە چی هەیە؟**

- زۆر لە دواڕۆژ دەترسم، زۆر ئاساییە لە لام كە لە یەك ئاستدا بژیم ئەگەر نزمیش بێت، بەڵام دەترسم رۆژێك لە رۆژان پێویستم بە كەسێكی نەشیاو بێت.

*** هەوڵ دەدەی هەمیشە چۆن بی لە هەڵسەكەوتی رۆژانەتدا؟**

- هەوڵ دەدەم هەمیشە لامیتا بم بێ ئەوەی دەورووبەر و ناوبانگ وام لێبكات خۆم بەشتێكی گەورەتر لە خۆم بزانم.

*** خۆشەویستی بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەڤەر خۆشەویستی نەبێت بەهیچ شێوەیەك ژیان بەردەوام نابێت.

*** چۆن پلان بۆ كاری رۆژانەت دادەنێی؟**

- زۆر جار هەیە دەرفەتێكت دووچاری شتێك دەبی بە رێكەوت بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك خەیاڵیشت بۆی چووبێت، پێویستە لەو كاتانەدا ئەو دەرفەتانە بقۆزیتەوە بەشێوەیەك بە قازانجی تۆ بن، بەڵام بە گشتی من هەموو ئەو كارانەی ئەنجامیان پلانیان بۆ دادەنێم.

*** ئاواتەكانت چین؟**

- هیوادارم هەمیشە بتوانم كاری وا پێشكەش بە جەماوەرەكەم بكەم كە لێم رازی بێت، هەروەها هیوادارام بتوانم كۆمپانیایەكی تایبەت بە خۆم دابمەزرێنم جا لە هەر بوارێك بێت گرنگ نییە بۆ ئەوەی بتوانم ژیانی خۆمی پێ مسۆگەر بكەم.



